

## ئایا ئەمەریکا پشتی لە کورد کردووە؟

ماڵپەڕی عەرەب 21 لەبارەی ڕەخنەکانی سەرۆک مەسعود بارزانی لە ئاست هەڵوێستەکانی ئەم دواییەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بەرامبەر کێشەی نێوان بەغدا و هەولێر بەتایبەتیش لە لێدوانەکەی بۆ تۆڕی CNNی ئەمەریکا کە گوتبووی: ئەوەی مایەی سەرسوڕمان بوو بەلامەوە ئەوانەی ئەمەریکا بە تیرۆریست ناویانی دەهێنا "وەک ئاماژەیەک بۆ میلیشیاکانی حەشدی شەعبی" لەبەر چاوی بەرپرسە ئەمەریکییەکانەوە بە چەکی ئەمەریکا پەلاماریان داین. هەروەها لەبارەی ئاییندەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکاو هەرێمی کوردستانی هاوپەیمانی بە کوێ دەگات؟ بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە. لەوبارەیەوە بیروبۆچوونی بەڕێز کیفاح مەحمودی ڕاوێژکاری ڕۆژنامەوانی سەرۆک بارزانی وەرگرتووە کە لە خوارەوە پوختەکەی دەخەینەڕوو.

ڕاوێژکاری ڕۆژنامەوانی سەرۆک بارزانی لە بارەی نیگەرانییەکانی کوردستان گوتوویەتی نواندنی بێ دەنگی لەلایەن ئەمەریکا لەبەرامبەر بەکارهێنانی چەکی ئەمەریکا لەلایەن حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بۆ پەلاماردانی هەرێمی کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگە، شەقام و سەرکردەی سیاسی کوردستانی نارەحەت کردووە. هەروەها ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە هەڵوێستەکەی ئەمەریکا لە بارەی پرۆسەی گشتپرسیی کوردستان ئەوانی نارەحەت کردووە، چونکە پێشبینیان وابوو ئەمەریکاو وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا کە لە جیهاندا بە وڵاتی دیموکراتی دێرین ناسراون پاڵپشتی لە مافی چارەی خۆنووسینی گەلان دەکەن.

لە بارەی لێدوانی هەندێ کەسایەتی سیاسی کوردستانیش کە گوتوویانە ئەمەریکا جارێکی تر وازی لە کورد هێناو جارێکی تر ڕێککەوتنی جەزائیری ساڵی 1975 بەرامبەر کورد دووبارە کرەوە، کیفاح مەحمود گوتوویەتی: وتەکەی سەرۆک بارزانی زۆر ڕاشکاوانەو ڕوون ئاماژەی بەوە داوە هەڵوێستی ئەمەریکا بەرامبەر گشتپرسی و ئەو ڕووداوانەی دوای ئەنجامدانی لێکەوتەوە هەڵوێستێکی پێشبینی بۆ نەکراو بوو.

سەبارەت ڕەتدانەوەی ئەمەریکا لە بارەی سەرسوڕمانی سەرۆک بارزانی کیفاح مەحمود بە عەرەب 21 ڕاگەیاند: ئەمەریکا دەوڵەتی دامەزراوەییە و گەلێ رووکار و ڕواڵەتی هەیە لە کارکردن و هەڵسوکەوت کردنی، بەڵام لەمەی دوایی ئاراستەیەکی یەکگرتووی هەبوو، بۆ نموونە لە ئاست کێشە ستراتیژییەکان ناکرێ کۆنگریس و پنتاگۆن هەڵوێستیان لەیەک جیا بێت. ئەمەریکییەکان هەستیان بە بوونی هەڵەیەک لە هەڵوێستەکەیان کرد، بە بەڵگەوە چەکی ئەمەریکا بەدەست میلیشیاکانەوەیە، هەر بۆیە ئەبومەهدی موهەندیسی جێگری سەرۆکی حەشدی شەعبیان خستە لیستی تیرۆرەوە، بە کارێکی پێویستیان زانی هەندێ میلیشیا لە عێراق بچنەدەر کە میلیشیای ئێرانین.

مەحمود پێی وایە هەموو سیناریۆکان قابیلی خستنەڕوون، ڕەنگە بێدەنگی نواندنی ئەمەریکا لەئاست ڕووداوەکانی نێوان بەغداو هەولێر وەک چاودێران ئاماژەی بۆ دەکەن لە چوارچێوەی پاڵپشتی کردنیان بۆ حەیدەر عەبادی بێت تا گەری دووەمی سەرۆکایەتی بەدەست بێنێتەوە، یاخود لە چوارچێوەی ڕاگرتنی هاوسەنگی هێز بێت لە نێوان هەردوو لادا.

ڕاوێژکاری سەرۆک بارزانی ئەمەشی بەدووری زانی ئەمەریکا وازی لە کورد هێنابێت کە بە پێی وتەی خۆیان هەرێمی کوردستان و هێزە چەکدارەکانی لە هاوپەیمانە نزیکەکانی ئەمەریکان لە ناوچەکەو سەرکەوتووانە توانیویانە بەرگری لە هەرێم و عێراق بەگشتی بکەن.

ئاماژەی بەوەشدا بۆ ئەمەریکاو ئەوانی دیکە وازهێنان لە کوردستان کارێکی ئاسان نابێت بە تایبەتیش هەرێمی کوردستان سەرکەوتووانە توانیویەتی بۆ ناوچەکەو جیهان بیسەلمێنێ کەئەوان شیاوی ئەو پێگەیەن، بۆیە وای دەبینم مەبەستی ئەمەریکا گەڕان بێت بەدوای هاوسەنگییەک لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، کە هەندێ لە چاودێرانی سیاسیش هەڵوێستی ئەمەریکا دەخەنە چوارچێوەی ئەوەی ئەمەریکا دەیەوێت عەبادی وەک پیاوێکی دەوڵەتمدار دەربخات. ڕاوێژکاری سەرۆک بارزانی هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ڕەنگە هەڵوێستەکەی ئەمەریکا بە مەبەستی سنووردارکردنی یا نەهێشتنی ڕۆڵی ئێران بێت لە عێراق، یا کەمکردنەوەی ڕۆڵی قەوارەی یاسا بێت کە نوری مالیکی سەرۆکایەتی دەکات، ناوبراو لە هەوڵی ئەوەدایە لە ڕێگای میلیشیاکان و کۆنترۆڵکردنی بەشێکی زۆر لە دارایی دەوڵەت و هێز لە نێو دامودەزگاکانی عێراق گوشار بخاتە سەر حەیدەر عەبادی.

**ئا: خالید گەردی**

**سەرچاوە (عەرەب 21)**

# کۆبوونەوەی هاوبەشی پەرلەمانی کوردستان و نوێنەرانی گەلی کوردستان لەبەغدا بەڕێوەچوو

## نوێنەرانی گەل لە هەرێم و بەغدا جەخت لە یەکڕیزی و یەکگوتاریی نێوماڵی کوردی دەکەنەوە

## لەحاڵەتی ئامادەنەبوونی حکوومەتی فیدراڵی بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ، ئەوا بژاردەی کشانەوەی کورد لەپرۆسەی سیاسیی عێراق بژاردەیەکی کراوە دەبێت



سەعات 11ی پێشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەممە 2017/11/13 بەسەرۆکایەتیی د. جەعفەر ئێمینکی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ئامادەبوونی بێگەرد تاڵەبانی، سکرتێری پەرلەمان، کۆبوونەوەی هاوبەشی سەرۆک فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان و فراکسیۆنە کوردستانییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و سەرۆکی لیژنە پەیوەندیدارەکان لەبارەی پێگەو پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بەڕێوەچوو.

### پەرلەمانی کوردستان پشتگیریی تەواوی ئەو پەرلەمانتارە کوردانە دەکات کە ڕووبەڕووی دادگا کراونەتەوە

لەدەسپێکی کۆبوونەوەکەدا، د. جەعفەر ئێمینکی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، جەختی لەسەر پێویستیی گەڕانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لە ڕێگەی دانووستاندن کردەوەو ڕایگەیاند: پێویستە حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی بگەڕێنەوە سەرمێزی گفتوگۆ دانووستاندن، بەتایبەتی لەکاتی ئێستادا کەپرسی بودجەی فیدراڵی کە پەیوەندیی بەقووت و بژێویی خەڵکی کوردستانەوە هەیە دەخرێتە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران و هەروەها بۆ پێداچوونەوە بەپەیوەندییەکان و مافە دەستوورییەکانمان پێویستە فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەئەنجوومەنی نوێنەران و فراکسیۆن و کوتلەکانی ناو پەرلەمانی کوردستانیش هەماهەنگیی تەواو لەنێوان یەکتری دروست بکەن.

جێگری سەرۆکی پەرلەمان، ڕاشیگەیاند: وەک پەرلەمانی کوردستان پشتیوان و هاوکاریی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەئەنجوومەنی نوێنەران دەبین بەپێشکەشکردنی داتاو زانیاریی پێویست و کۆبوونەوەی ئەمڕۆش هەم بۆ نیشاندانی ئامادەیی پشتیوانیی پەرلەمانی کوردستانە بۆ ئەرکی نوێنەرانی کورد لەبەغدا بۆ باشترکردن و خێراترکردنی پەیوەندییەکانی نوێنەرانی کوردە هەم لەبەغداو هەم لەهەرێم-یش، بەتایبەتی لەئێستادا کە پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی لەعێراقدا بەهەڵەدا براوەو پێویستە وەکو کورد پارێزگاری لەبنەما دیموکراسییەکان و جێبەجێکردنی فیعلیی دەستووری عێراق وەکو خۆی بکەین.

لەبەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، بێگەرد تاڵەبانی، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان باسی لە هەستیاریی قۆناغەکەو بوونی مەترسی لەسەر دامەزراوە دەستوورییەکان کردو ڕایگەیاند: پەیوەندییەکانی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی بەقۆناغێکی هەستیار دەگوزەرێت و دامەزراوە دەستوورییەکان لەژێر هەڕەشەدان، بۆیە دەبێت بەیەکڕیزی و یەکگوتاریی نێومالّی کوردەوە ڕووبەڕووی ئەو قەیران و گرفتانە ببینەوەو لەو بارەشدا ئەرکی نوێنەرانی کورد لەبەغدا قورستر دەبێت و پێویستە پشتیوان و هاوکارییان بین بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە.

دواتر نوێنەرانی بەشێک لەفراکسیۆنەکانی کورد لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە لەکۆبوونەوەکەدا بەشداربوون، بەرچاوڕوونی و پێشنیازو بۆچوونەکانی خۆیان لەبارەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ خستەڕوو.

هەروەها لەچوارچێوەی ڕوونکردنەوەکانیشاندا بۆ پەرلەمان، پێشنیازیانکرد، پەرلەمانی کوردستان ڕۆڵی سەرەکی ببینێت لەئاساییکردنەوەو یەکخستنەوەی نێوماڵی کوردستان و هەروەها داوا لەحکومەتی هەرێم بکەن کە لەکاتی ئەنجامدانی گفتوگۆو دانووستاندنەکان هەماهەنگیی تەواو لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران بکەن.

لەبەشێکی دیکەی ڕوونکردنەوەکانیاندا، نوێنەرانی کورد لەبەغدا ئەوەشییان خستەڕوو کە پرۆسەی تەوافوق لەعێراقدا پەکی خواردووەو کار بەبنەمای زۆرینە دەکرێت، بەتایبەتی لەپەرلەمانی عێراقیدا، ئەمە جگە لە پێشێلکردنی دەستوور. ڕاشیانگەیاند، بەهێزیی نوێنەرانی کوردستان لەبەغدا پەیوەستە بەحکومەتێکی تەندروست و کارای هەرێم و هەبوونی دیموکراسییەتێکی بەهێزو پەرلەمانێکی کارا، لەو چوارچێوەیەشدا پێویستە پارت و لایەنە سیاسییەکان تەنازولی گەورە بۆ یەکتری بکەن لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیی گەلی کوردستان.

هەروەها داواشیانکرد پەرلەمان داوا بکات دانووستاندنەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ئەنجامبدرێن نەک نوێنەرانی حزبی.

پێشنیازیشیان کرد، دانووستانەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لەژێر چاودێریی سەرۆککۆماری عێراق وەکو پارێزەری دەستوور بەڕێوەبچێت. جەختیشیان لەسەر ئەوەکردەوە کە بەهیچ شێوەیەک نابێت ڕازی بین بەکەمکردنەوەی پشکی 17%ی هەرێمی کوردستان لەبودجەی گشتیی عێراقدا.

دوابەدوای کۆتاییهاتنی ڕوونکردنەوەکانی نوێنەرانی بەشێک لەفراکسیۆنەکانی کورد لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، سەرۆک فراکسیۆن و کوتلەکانی پەرلەمانی کوردستان جەختییان لەسەر یەکڕیزیی نێوماڵی کوردستان کردەوەو پشتیوانی و پشتگیریی خۆشیان بۆ نوێنەرانی کورد لەبەغدا دەربڕی، ڕاشیانگەیاند: "یەکڕیزی و یەکدەنگیی لایەنە کوردییەکان لەبەغدا خزمەت بەبەرژەوەندیی گشتیی کوردستان دەکات و پێویستیشە ناکۆکی و جیاوازییەکان وەلا بنرێن و نەبنە هۆی تێکدانی یەکڕیزی".

دوای تەواوبوونی گفتوگۆی نێوان سەرۆک فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و سەرۆکی لیژنە پەیوەندیدارەکان لەبارەی پێگەو پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و چۆنیەتیی گەیشتن بەچارەسەرو گرتنەبەری ڕێکاری پێویست، بەشداربووانی کۆبوونەوەکە لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتن، کە پەرلەمانی کوردستان و نوێنەرانی کورد جەختییان لەسەر دانووستاندن کردەوەو تێیدا هاتووە:

پەرلەمانی کوردستان پشتگیری لەیەکڕیزی و یەکگوتاریی نێوماڵی کوردستان دەکات و پشتیوان و هاوکاری نوێنەرانی کورد لەبەغدا دەبێت. هەروەها، پەرلەمانی کوردستان حکومەتی هەرێم ڕادەسپێرێت لەڕێگەی دۆستە نێودەوڵەتییەکانەوە هەوڵی دەسپێکردنی گفتوگۆو دانووستاندن بدات لەبارەی مافە دەستووری و فیدراڵییەکانی هەرێمی کوردستانەوە.

لەبەشێکی دیکەدا هاتووە، پێویستە حکومەتی فیدراڵی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەو تاوانانەی دەرهەق بەخەڵکی ناوچە جێناکۆکەکان کراوە پێکبهێنێت و لەسەر حکومەتی فیدراڵیش پێویستە کار بۆ گەڕاندنەوەو قەرەبووکردنەوەی ئاوارەکان بکات.

هەروەها هاتووە: پەرلەمانی کوردستان پشتگیریی تەواوی ئەو پەرلەمانتارە کوردانە دەکات کە ڕووبەڕووی دادگا کراونەتەوەو هیواخوازن دادگاکان ڕۆڵی بێلایەنانەی خۆیان بگێڕن.

لەکۆتا خاڵیشدا هاتووە؛ لەحاڵەتی ئامادەنەبوونی حکومەتی فیدراڵی بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆو دانووستاندن، ئەوا بژاردەی کشانەوەی کورد لەپرۆسەی سیاسیی عێراق، بژاردەیەکی کراوە دەبێت.

## سووریا

### هێزەکانی سووریای دیموکرات دووەم گەورەترین کێڵگەی نەوتی کۆنترۆڵکرد

هێزەکانی سووریای دیموکرات کێڵگەی نەوتی ئەلتەنەکی کۆنترۆڵکرد کە بە دووەم دەوڵەمەنترین کێڵگەی نەوت لە پارێزگای دێرزور لە سووریا دادەنرێت. هێزەکانی سووریای دیموکرات لەوەتەی 9ی ئەیلول بە هاوکاری ئەمریکا هێرشەکانی بۆ سەر شاری دێرزور دەستیپێکردووە و لە ناوچەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی ئەو شارەش لە دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە پێشڕەوی دایە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە سەرچاوەکانی ناوخۆی شاری دێرزور وەرگیراوە، هێزەکانی سووریای دیموکرات کێڵگەی نەوتی ئەلتەنەکیان لە دووری 35 کیلۆمەتر لە ناوەندی ئەو شارە کۆنترۆڵکردووە. لەدوای شەڕ و پێکدادانەکان ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بەرەو ڕۆژئاوای کێڵگەی نەوتی ئەلتەنەک کشاوەتەوە. مانگی ڕابردووش هێزەکانی سووریای دیموکرات هەردوو کێڵگەی نەوتی ئەلعومەر و جەفرای کۆنترۆڵکردبوو کە بە دوو دەوڵەمەنترین کێڵگەی نەوتی لە ناوچەکەدا دادەنرێ. بە هەمان شێوە دامەزراوەی غازی کۆنۆکۆ کە یەکێکە لە گەورەترین دامەزراوەکان، مانگی ئەیلولی ڕابردوو کەوتبووە ژێر کۆنترۆڵی پەیەدەوە.

سەمیر جەعجەع بۆ خەبات:

## حزبوڵا خەریکە لوبنان دەکاتە موستەعمەرەیەکی ئێرانی

### داواکارم پێش ئەوەی کار لەکار بترازێ حزبوڵای لوبنان خۆی ڕاست بکاتەوە

**خەبات/مەریوان نەقشبەندی:**

سیاسەتوان و سەرکردەی ناسراوی لوبنان سەمیر جەعجەع داوا لەحزبوڵای لوبنان دەکات پێش ئەوەی وڵاتەکە ڕووبەڕووی کارەسات بێتەوە بارودۆخی خۆی و شێوازی کارکردنی لەم وڵاتەدا ڕاست بکاتەوە. سەمیر جەعجەع لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات باسی ڕۆڵی خراپی ئێران و گروپە هاومەزهەب و هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات و دەڵێ: هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەی سەعد حەریری لە سعودیەوە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ڕۆڵی ڕاستەوخۆ و کاریگەریی حزبوڵا لە لوبناندا کە خەریکە



وڵات دەکاتە موستەعمەرەیەکی ئێران و بەیەکجار کولتوور و سیاسەت و هەموو تایبەتمەندیە مەزهەبیەکانی ئێران بەسەر هەموو خەڵکی لوبنان ساغ دەکاتەوە. گوتیشی: ئێستا خەریکە لوبنان دەتەقێتەوە و ئەگەر بەزووترین کات حزبوڵا نەبێتەوە بەحزبێکی سیاسی مەدەنی لوبنانی و لە ئەجێنداکانی ئێران دوورنەکەوێتەوە ئەوا دەبێ چاوەڕێی ئایندەیەکی نادیار بکەین بۆ لوبنان. بۆیە سەمیر جەعجەع داوای لەحەسەن نەسرولڵا کرد بەزووترین کات و تا کارلەکار نەترازاوە خۆی ڕاست بکاتەوە و ناوچەکە لەشەڕێکی کارەساتبار دووربخاتەوە، لەکۆتایی قسەکانیشیدا جەعجەع گوتی: من دڵنیام ئەگەر هەژموونی ئێران لەسەر حزبوڵا لابچێت ئەوا سەعد حەریری دەگەڕێتەوە لوبنان و لەدەستلەکارکێشانەوەکەشی پاشگەز دەبێتەوە.